# پێغەمبەران کاروباری ژیانی نەوەکانی ئیسرائیلیان بەڕێوە دەبرد، ئەگەر پێغەمبەرێک بمرادیە پێغەمبەرێکی تر جێگای دەگرتەوە

لە ئەبی حازمەوە دەڵێت: هاوەڵی ئەبی هورەیرە بووم -ڕەزای خوای لێبێت- بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، گوێم لێبوو دەیگێڕایەوە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: «پێغەمبەران کاروباری ژیانی نەوەکانی ئیسرائیلیان بەڕێوە دەبرد، ئەگەر پێغەمبەرێک بمرادیە پێغەمبەرێکی تر جێگای دەگرتەوە، وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش من نایەت، ولە دوای منەوە چەند جێنشینێکی -خەلیفەیەکی- زۆر دێن». ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا فەرمانی چیمان پێدەکەیت؟ فەرمووی: «یەک لە دوای یەک بەیعەت وپەیمانیان پێبدەن، پاشان مافەکانیان جێبەجێ بکەن، وسەبارەت بە مافەکانی خۆتان داوا لە خودا بکەن؛ چونکە خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتیەکانیان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە پێغەمبەران پێشەوای نەوەکانی ئیسرائیل بوون، وکاروبارەکانی ئەوانیان بەڕێوە دەبرد هەروەکو چۆن فەرمانڕەوا وکاربەدەستان کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەبەن، هەرکاتێك خراپەیەك لە نێویان سەریهەڵبدایە؛ ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆیان دەنارد وکاروبارەکانی بۆیان چاك دەکردەوە، وئەو حوکمەی گۆڕانکاریان تێدا کردبوو؛ هەڵیدەوەشاندەوە. وهیچ پێغەمبەرێك نایەت لە پاش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆئەوەی هاوشێوەی پێغەمبەرانی پێشوو ئەو کارانە ئەنجام بدات، بەڵکو لە پاش ئەو چەند جێنشینێك دێن وزۆرن، بەڵام ناکۆکی ودووبەرەکی لەنێوانیاندا ڕوودەدات. هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم-: فەرمانی چیمان پێدەکەیت؟ فەرمووی: ئەگەر جێنشینێك -خەلیفەیەك- بەیعەتی پێدرا لەپاش جێنشینێکی تر؛ بەیعەتدانی یەکەم دروستە و واجبە جێبەجێ بکرێت، بەیعەتدانی دووەم پوچەڵە وحەرامە لەسەری داوای بکات، ومافەکانیان جێبەجێ بکەن، وبە گوێڕایەڵیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن مەگەر شتێك سەرپێچی فەرمانی خودا بێت، و خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە ولێ پێچینەوەیان لەگەڵ دەکات لەسەر ئەو کردەوانەی ئەنجامیان داوە بەرانبەرتان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4936